SAHLGRENSKA UNIVERSITETSSJUKHUSET VGR

# Hälsodeklaration sorani

*Enhetsnummer, plats för etikett:*

**زانیاریی باری تەندروستی**

بۆ بەخشینی خوێنی بەنی ناوک

| | |
|---|---|
| Partner, Namn: / هاوژین، ناو: | Patient, Namn: / نەخۆش، ناو: |
| Personnr: / ژمارەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی: | Personnr: / ژمارەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی: |
| Etnicitet/ursprung: / نەتەوە/ڕەچەڵەک: | Etnicitet/ursprung: / نەتەوە/ڕەچەڵەک: |

| نە NEJ | بەڵێ JA | تکایە وەڵامی هەموو پرسیارەکان بدەرەوە | ژمارە |
|---|---|---|---|
| | | ئایا لە ڕێگەی وەرگرتنی هێلکە یان تۆمئاوی پیاوەوە (سپێرم) دووگیان بوویت؟ | 1 |
| | | ئایا باوکی منداڵەکە یان تۆ منداڵی بەخۆوەگیراون؟ | 2 |
| | | ئایا تۆ یان باوکی منداڵەکە پێکەوە خزمن؟ | 3 |
| | | ئایا هیچ دەرمانێکی دیکە (جگە لە ڤیتامین و حەبی ئاسن) دەخۆیت یان لە ماوەی دووگیانیدا هیچ دەرمانێکت خواردووە؟ | 4 |
| | | ئایا لە نێو ئێوە واتە تۆ، باوکی منداڵەکەت، خوشکوبراکانتان، باوکودایکتان یان لەنێو کەسوکارتاندا هیچ جۆرە نەخۆشیی ئیرسی هەیە؟ | 5 |
| | | ئایا لە نێو ئێوە واتە تۆ، باوکی منداڵەکەت، خوشکوبراکانتان، باوکودایکتان یان لەنێو کەسوکارتاندا هیچ جۆرە نەخۆشیی کەمخوێنی، لاوازیی بەرگری لەش یانخود نەخۆشی خوێنبەربوون هەیە؟ | 6 |
| | | ئایا لە نێو ئێوە واتە تۆ، باوکی منداڵەکەت، خوشکوبراکانتان، باوکودایکتان یان لەنێو کەسوکارتاندا نەخۆشیی ئیرسی ئێسکپووکی هەیە؟ | 7 |
| | | ئایا لە نێو ئێوە واتە تۆ، باوکی منداڵەکەت، خوشکوبراکانتان، باوکودایکتان یان لەنێو کەسوکارتاندا هیچ جۆرە نەخۆشیی ئیرسی "مێتابۆلیزمی" (واتە گرفتی هەڵسووران، سووتان و بەکارهێنانی مادە لە نێو لەشەدا) هەیە ؟ | 8 |
| | | ئایا لە نێو ئێوە واتە تۆ، باوکی منداڵەکەت، خوشکوبراکانتان، باوکودایکتان یانخود لەنێو کەسوکارتاندا هیچ جۆرە نەخۆشیی شێرپەنجە یان نەخۆشیی سەخت و دژواری تر کە پێویستی بە دەرمانکردن هەبووبێت هەیە؟ | 9 |
| | | ئایا لە نێو ئێوە واتە تۆ، باوکی منداڵەکەت یان خوشکوبرای منداڵەکە نەخۆشی هێپاتیت (ئاوسانی جگەر) یان "ئێچ ئای ڤی" (ڤایرۆسی نەخۆشی ئەیدز) هەبووە؟ | 10 |
| | | ئایا تێستەکانی، هێپاتیت، "ئێچ ئای ڤی" و سیفلیس کە لە کاتی دووگیانیدا لێتیان گرتووە نێگەتیڤ بوون؟ | 11 |
| | | ئایا لە ماوەی ٦ مانگی رابردوودا لە دەرەوی سوید خاڵت کوتاوە یان لەشت کون کردوە یان ئەکوپەنکچەرت وەرگرتووە (ئەکوپەنکچەر شێوازێکی چینییە کە بە چەقاندنی دەرزی لە جێگاگەلێکی تایبەتی لەشدا هەندێ نەصۆشیی پێ چارەسەر دەکرێت)؟ | 12 |
| | | ئایا لە ماوەی ١٢ مانگی رابردوودا سێکست کڕیوە یان فرۆشتووتە؟ | 13 |
| | | ئایا جگە لە نەخۆشخانەدا هەتا ئێستا ماددەی بێهۆشکارت (نارکۆتیکا) بە دەرزی لە خۆت داوە؟ | 14 |
| | | ئایا لە ماوەی 3 ساڵی رابردوودا نەخۆشیی مەلاڕیات هەبووە؟ | 15 |
| | | ئایا هەتا ئێستا هیچ جۆرە نەخۆشیی گەرمەسێریی دیکەت هەبووە؟ | 16 |
| | | ئایا لە ماوەی 3 ساڵی رابردوودا نەخۆشیی سیلت هەبووە؟ | 17 |
| | | ئایا تۆ یان باوکی منداڵەکە لە 5 ساڵ زیاتر لە دەرەوەی ئەورووپا ژیاون؟ | 18 |
| | | ئایا لە چەند مانگی رابردوودا گەشتی دەرەوەی سکاندیناڤیات کردوە؟ | 19 |
| | | ئایا هیچکەس لە کەسوکاری تۆ یان باوکی مناڵەکە نەخۆشی "کرویتزفەلت یاکۆبی" هەبووە؟ | 20 |
| | | ئایا هەتا ئێستا خوێنت گواستوەتەوە یان ئەندامێکی لەش یان خانەی لەشت چاندووە؟ | 21 |
| | | ئایا هەتا ئێستا نەخۆشیی رۆماتیزمیت هەبووە؟ | 22 |
| | | ئایا لە ماوەی ١٢ مانگی رابرددودا دەرمان بۆ مەبەستی ئاستەنگکردنی بەرگریی لەشت بەکار هێناوە؟ | 23 |
| | | ئایا لە ماوەی ١٢ مانگی رابردوودا ڤاکسین کراویت؟ | 24 |
| | | ئایا لە ماوەی دووگیانیەکەتدا هیچ جۆرێک نەخۆشیی یان هەوبوونی سەخت و دژوارت هەبووە کە پێویستی بە چاودێری و چارەسەری دوکتۆر هەبووبێت؟ | 25 |
| | | ئایا پشکنینەکانی سۆنۆگرافی و تێستی ئاوی مناڵدان کە لە ماوەی دووگیانیەکتدا لێت گیراون ئاسایی بوون؟ | 26 |

وا گەواهی ئەدەم کە وەڵامی هەموو پرسیارەکانم بە راستی داوەتەو:

ڕێکەوت_______________

ئیمزای نەخۆش____________________________________________________________

# Hälsodeklaration sorani

| Patient, Namn: |
|---|
| Personnr: |

*Enhetsnummer, plats för etikett:*

***Nedanstående fylls i av barnmorska anställd av Nationella navelsträngsblodbanken***

***Komplettering till frågor på hälsodeklarationen:***

..............................................................................................................................................................

..............................................................................................................................................................

..............................................................................................................................................................

..............................................................................................................................................................

..............................................................................................................................................................

Namn på den som frågat/tagit emot svaren:___________________________________________________

Namnteckning___________________________________________________________________________

ID kontroll utförd: Godkänt leg ☐ annat ☐ ange:________________________ Sign:______________

**Godkännare av tillvaratagandet** (enl. SOSFS 2009:30)

Datum:________________ Namnteckning:________________________________ Titel:_____________

Ev tolk: ID-nummer + företagsnamn:_______________________________________________________

***Övrigt***

**Normal graviditet enligt mödravårdsjournal** ☐

Vid avvikelser angående mors sjukhistoria, graviditet och förlossning,

Bifoga MHV1,2,3 och ev. journalanteckning för bedömning av medicinskt ansvarig

Mor Hb g/L............ ( Ej godkänt Hb för donation < 105 g/L) Sign:......................

**Kompletterande uppgifter till följesedel**:

Klinisk undersökning av barnet

Inga avvikelser ☐ Noterade avvikelser ☐

Vid avvikelser bifoga FV2 och ev. journalanteckning för bedömning av medicinskt ansvarig läkare Sign:......................

| Barnets personnr. | Flicka | Pojke | Grav. vecka | Barnets vikt | Tid förlossn. | Tid klampning | Tid insamling | In utero | Ex utero | Sign. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | + | | | | | | | |

| Planerad sectio | | Apgar poäng | | | pH normalt | Ev plasma-utspädning | Bifogat journalant. | Moder vikt + datum | Tid/datum provtagning | Sign. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | Ja ☐ Nej ☐ | Ja ☐ Nej ☐ | Ja ☐ Nej ☐ | | | |

روونکردنەوەی پرسیارەکان سەبارەت بە باری تەندروستی

سوپاستان دەکەین بۆ بەخشینی خوێنی بەنی ناوکی منداڵەکەتان.
ئامانجی سەرەکی ئەم پرسیارانە ئەوەیە کە بزانین ئەو خوێنە کە ئەیبەخشن بێزیانە بۆ ئەو کەسەی کە لە داهاتوودا کەڵکی لێوەردەگریت.

بەم هۆیەوە لێرەدا روونکردنەوەی زیاتر سەبارەت بە پرسیارەکان ئەدەین.

**لەبەر چی پرسیار لەبارەی نەتەوە/رەچەڵەک دەکەین؟**
خانەکانی بنچینەیی خوێن ئەو خانەیانەن کە خوێنی نوێ بەرهەم دەهێنن. ئەم خانەیانە لە مۆخی ئێسک و لە خوێنی بەنی ناوکدا هەن. لەرێگەی پێدانی خانەکانی بنچینەیی خوێنی نوێوە بە کەسێکی نەخۆش، دەتوانرێت خوێنی نوێی ساغ بەرهەم بێت. بۆ ئەوەی ئەم شتکە کار بکات، پێویستە بەخشێنەر و وەرگرەکە، هەر دووکیان هەمان جۆری HLA-یان هەبێت. HLA: جۆرە نیشانەیەکە لەسەر خانەکانی جەستەوە کە یارمەتی سیستەمی بەرگریی لەش دەدات کە خانەی بێگانە بناسێتەوە. کامە لە جۆرەکانی HLA کە زیاتر باون، لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکەی دونیا جیاوازە، جا بۆیە رەچەڵەکی کەسەکە زانیاری گرنگ سەبارەت بە ئەوەی کە ئاخۆ خانەکانی بنچینەی خوێن بۆ کام وەرگر لەبارە، پێشکەش دەکات.

پرسیاری **1** و **2**: بەخۆوەرگرتنی منداڵ و بەخشینی ئەندامی جەستە
ئەگەر دووگیانیەکەت لەرێگەی بەخشینی هێلکە یان سپێرمەوەیە یان ئەگەر خۆت منداڵی بە دایەن بیت، رەنگە ئاگات لە نەخۆشییەکانی نێو بنەماڵەتدا نەبێت. بەگوێری ئەو زانیارییەی کە هەتە، وڵامی پرسیارەکان بدەوە. بۆ بەخشینی هێلکە/سپێرم/ ئاولەمە (کۆرپەلەی زۆر بچووک) پێویستە هێلکە/سپێرمەکە لە بەخشێنەرێکی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا/ وڵاتانی ناوچەی هاوکاریی ئابووری ئەورووپاوە (EES) بێت. هەروەهاش ئێمە پێویستە بزانین کە کامە بانکی هێلکە یان سپێرمت بەکار هێناوە بۆ ئەوەی بزانین کلینیکەکە لەلایەن دامودەزگای دەوڵەتیی بواری تەندروستی و چاودێری پزیشکیەوە مۆڵەتیان هەیە یان نا و هەروەهاش لەکاتی پێویستدا بزانین کە چە رێسایەک سەبارەت بە تەندروستیی بەخشەرەکە لەو بانکەدا پەیرەوی دەکرێت.

پرسیاری **3**: خزمایەتی لەنێوان دایکوباوکدا
مەترسی تووشبوون بە نەخۆشیی ئیرسی لە نێو ئەو منداڵانە کە باوکودایکیان خزمی نزیکن زیادە. جا بەو هۆیەوە ئەگەر باوکودایکی منداڵەکە ئامۆزا بن ئێمە خوێنەکە وەرناگرین.

پرسیاری **4**: دەرمان
هەندێک جار بەکارهێنانی دەرمان لەکاتی دووگیانیدا ئەتوانێت کاریگەری خراپی هەبێت لەسەر منداڵەکە.

پرسیاری **5** تا **8** : نەخۆشی ئیرسی لەنێو کەسوکاردا
بەگوێرەی جۆری نەخۆشییە ئیرسییەکە کە لەنێو کەسوکاردا بەدی دەکرێت هەندێکیان دەتوانن لە رێگەی خوێنی بەنی ناوکەوە بگوازرێنەوە بۆ کەسی تر. بەتایبەت ئەو نەخۆشیانە کە کاریگەریان لەسەر خوێن، بەرگری لەش یانخود نەخۆشی خوێنبەربوون یان نەخۆشیی "مێتابۆلیزمی" ( واتە گرفتی هەڵسووران، سووتان و بەکارهێنانی مادە لە لایەن لەشەوە) هەیە. ئەم لیستەی خوارەوە نموونەی ئەو نەخۆشیانەن کە بۆ بەخشینی خوێن پەسەند ناکرێن:
کەمخوێنی زگماکی: ئەنێمیای بۆماوەیی thalassemia major, sicklecellsanemi, Blackfan-Diamonds anemi) کەمیی زگماکیی خڕۆکەکانی سپی یان پەڵەکانی خوێن: ئاگرانۆوسیتۆزی بۆماوەی (نەخۆشیی کاستمەن، سیندرۆمی شواخمەن-دیامۆند و هتد) ترۆمبوسیتوپنی بۆماوەیی (ترۆمبوسیتوپنی پەیوەندیدار بە X، سیندرمی ویسکوت-ئەلدریچ، سیندرمی گلانزمەن) نەخۆشیی تێکەڵاوەی لاوازیی بەرگری لەش بە شێوازی دژوار: -(SCID), Wiskott-Aldrichs syndrom, Omenns syndrom, hyper-IgM-syndrom, Brutons agammaglobulinemi (x-kromosombunden agammaglobulinemi, DiGeorge (22q11-deletionssyndromet, CHARGE), ataxia-telangiektasia, نەخۆشیی درێژخایەنی "گرانومۆلاتوس"(CGD) , hemophagocytos "خۆمانە" familjär (FHL), Chediak-Higashis syndrom, Griscellis syndrom typ 2, XLP (x- linked lymphoproliferative syndrome).
نەخۆشی ئێسکەرەقە (ئۆستیپێترۆز) نەخۆشیی بۆماوەیی ئێسک نەخۆشیگەلی خوێنبەربوونی زگماکی هیمۆفیلیا (نەخۆشیی خوێنەچۆڕێ) نەخۆشیی ڤۆن ڤیلەبراندس لەباربوونی بۆماوەیی بۆ وەرگرتنی بەپەڵەبوونی خوێن: لەباربوونی ترۆمبۆتیک (کەمبوونی پرۆتینی S، کەمبوونی پرۆتینی C، کەمبوونی ئەنتی ترۆمبین و بەرهەڵستی بە APC)

نەخۆشیی مێتابۆلیزمییەکان: Gaucher, Niemann-Pick, Mucopolysaccharidoser, Fabry, Wolman, Krabbe

پرسیاری **9**: نەخۆشیی سەخت و دژوار لە نێو کەسوکاری نزیکدا
هەندێک لە نەخۆشییە گران و دژوارەکان و هەروەها دەرمانکردنییان کاریگەری خراپیان لەسەر منداڵەکە هەیە و هەروەهاش لەوانەیە نیشانەی هەبوونی نەخۆشی ئیرسی بن لە نێو کەسوکاری نزیکدا.

پرسیاری **18** تا **21**: نەخۆشیی، بەسەرهات یان مانەوەی دەرەوەی وڵات کە کاریگەریان لەسەر مەتریسی گواستنەوەی نەخۆشییە پەتاییەکان لە رێگەی خوێنی بەنی ناوکەوە هەیە. هەندێ هەلسووکەوت مەترسی گواستنەوەی نەخۆشیی لە رێگای خوێنی بەنی ناوکەوە زیاد دەکەن. ئەم پرسیاناکە کە پێویستە لێتانی بکەین بە پێی ئەم یاسای سویدی خوارەوەیە: هەندێک ڕووداو و ڕەفتار دەتوانن مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییەکی تووشبوو زیاد بکەن کە دەتوانرێت لە ڕێگەی خوێنی ناوکەوە بگوازرێتەوە. چ پرسیارێک پێویستە لەسەر ئەم بابەتە بپرسین بە یاسای سوید ڕێکدەخرێت ( SOFS 2009:30). نەخۆشیی " کرۆیسفێلت یاکۆبس " نەخۆشیێکی پەتایی مێشکییە کە هەندێک جار ئیرسییە. زۆرێک لە نەخۆشییە پەتاییەکان زۆرتر لە دەرەوەی سکاندیناڤیا باون؛ بۆ نموونە نەخۆشییەکانی سیفلیس، "ئێچ ئای ڤی"، هێپاتیت، مەلاریا و نەخۆشییەکانتی تری گەرمەسێری. هەروەها هەندیک لە ڤاکسینەکانیش کە لە ڕاستیدا ڤایروسی زیندوون بەڵام لاوازن ئەتوانن لە رێگەی چاندندا بگوازرێنەوە بۆ کەسی تر.

پرسیاری **22** تا **26** نەخۆشیی لە کاتی دووگیانیدا
نەخۆشیی و ئاڵۆزبوونی چاوەڕوان نەکراو لە کاتی دووگیانیدا و هەروەها چارەسەرکردنی نەخۆشیی ئەتوانێت ببێتە هۆی ئەوە کە ئەو خوێنەی کە ئەیبەخشی لەبار نەبێت و مەترسیدار بێت بۆ تەندروستی ئەو کەسەی وەری دەگرێ. ئەمە بەتایبەت ئەگەر هاتوو هەڵگریی ئەو باکتێریانە بی کە بەرهەڵستن بە ئەنتیبایۆتیک، و هەروەها ئەو کەسانەی کە لە کاتی دووگیانی یان منداڵبووندا تووشی هەوبوون ئەبن. هەروەها نەخۆشییە کوتوپڕ و ئاڵۆزەکانی کاتی دووگیانی و نەخۆشیی "ژەهراویبوونی دووگیانی" و دەرچوونی منداڵەکە بە سەقەت ئەتوانن ببنە هۆی ئەوە کە خوێنی بەنی ناوک بۆ بەخشین گونجاو نەبێت.